

Social Security Scotland

Tèarainteachd Shòisealta Alba

# یارمەتی زیاتر وەربگرە بۆ هاوسەنگکردنی بودجەکەت

**ئەگەر کرێدتی جیهانی (Universal Credit)، باجی کرێدت یان هەر سوودێکی تری شایستە وەردەگریت ڕەنگە مافی پێنج پارەدانی خێزانیت هەبێت:**

- **پارەدانی منداڵی سکۆتلەندی** – پارەدانێک لە هەر 4 هەفتەیەکدا بۆ ئەو منداڵە شایستانەی تەمەنیان لە خوار 16 ساڵە.
- **یارمەتی دەسپێکی باش بۆ دووگیانی و منداڵ** – دەتوانیت لە کۆتایی هەفتەی 24ی دووگیانییەوە داواکاری پێشکەش بکەیت تا منداڵەکەت دەبێتە 6 مانگ.
- **یارمەتی دەسپێکی باش بۆ فێربوونی پێشوەختە** – بۆ کاتێک کە تەمەنی منداڵەکەت لە نێوان 2 بۆ 3.5 ساڵدایە.
- **باشترین خۆراکەکانی دەسپێک** – پارە لە هەر 4 هەفتەیەکدا لەسەر کارتێکی پێشوەختە دراو لە کاتی دووگیانییەوە تا منداڵەکەت دەبێتە 3 ساڵ.
- **یارمەتی دەسپێکی باش بۆ تەمەنی قوتابخانە** – بۆ کاتێک کە منداڵەکەت تەمەنی گەیشتووەتە قوتابخانە.

هەندێک منداڵ هەروەها شایستەی پارەدانی کەمئەندامی منداڵ دەبن – پارە بۆ یارمەتیدان لە تێچووی چاودێریکردنی منداڵێکی خاوەن پێداویستی تایبەت، یان منداڵێک کە کێشەی تەندروستی هەیە.

ڕەنگە شایستەی سوودەکانی تریش بیت کە لەلایەن دەستەبەری کۆمەڵایەتی سکۆتلەندا دابین نەکراون، وەک سوودی منداڵی شانشینی یەکگرتوو. سەردانی **gov.uk/child-benefit** بکە بۆ زانیاری زیاتر.

بپشکنە بزانە ئایا شایستەی پێنج پارەدانە خێزانییەکەیت.

به ئۆنلاین، بە تەلەفۆن یان بە دەست

**mygov.scot/familybenefits** یان پەیوەندی بە **08001822222** بکە

دوای دەستەبەری کۆمەڵایەتی سکۆتلەندا بکەوە

سکان بکە بۆ زمانی زیاتر و شێوازە دەستپێگەیشتووەکان

HAPPY TO **TRANSLATE**

## یارمەتی لەگەڵ پارە و کار

ئەگەر نیگەرانی پارەیت تۆ تەنها نیت. Parent Club دەتوانێت ڕێنماییت بکات بۆ ئەو ئامۆژگارییانەی کە بۆ پێداویستییەکانی خێزانەکەت گونجێنراون. سەردانی **parentclub.scot/money-work** بکە




ئەگەر پێویستت بە قسەکردنە لەگەڵ کەسێک، دەتوانیت ئامۆژگاری بێبەرامبەر و باوەڕپێکراو لە **Money Talk Team** وەربگریت. سەردانی **moneytalkteam.org.uk** بکە

## بەرهەمەکانی خولی مانگانەی بێبەرامبەر

**سکۆتلەندا یەکەم وڵاتە لە جیهاندا کە بەرهەمەکانی خولی مانگانەی بێبەرامبەر بۆ هەر کەسێک کە پێویستی بێت دابین دەکات.**

ئەنجومەنە ناوخۆییەکان دەتوانن پێت بڵێن لە کوێ بەرهەمەکانی خولی مانگانەی بێبەرامبەر لە ناوچەکەیاندا دەست دەکەوێت. ڕەنگە شێوازی جیاواز هەبێت بۆ دەسختنی بەرهەمەکان لە ناوچە جیاوازەکانی ئەنجومەنەکان. سەردانی ماڵپەڕی ئەنجومەنی خۆت بکە بۆ دۆزینەوەی زانیاری زیاتر. ئەپی **PickupMyPeriod** نیشانت دەدات کە لە کوێ دەتوانیت بەرهەمەکانی خولی مانگانەی بێبەرامبەر لە سەرانسەری سکۆتلەندا دەست بخەیت.





